## وەڵامێك بۆ پارێزگاری سلێمانی

# ئێمە راستناکەین یان تۆ ناتەوێت راستی بڵێیت

**عەلی مەولود**

هەفتەنامەی "رۆژنامە" لەلاپەڕە ٤ی ژمارە( ٢ )دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی سازداوە سەبارەت بە بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنییەکان و ناڕەزایەتی خەڵك لەوبوارەدا.

هەڵبەت هەموو وەڵامەکانی پارێزگار قسەو رەخنەی زۆر هەڵدەگرن، چونکە لەناوەرۆکدا هەوڵی خۆدزینەوەیان تێدایە لەبەرپرسیارێتی بەرامبەر ژیانی خەڵك هەروەها رۆژنامەی رۆژنامەش دەکراو دەبووایە ئازایانەتر پرسیارەکانی ئاراستە بکردایەو لەوە خۆشنەبووایە کەهەوڵی خۆدەولەمەندترکردنی بەرپرسان بەوەلێکبدرێتەوە گوایە ئەوان لەبەرپرسانی پارێزگاکانی تر بەدەربەستترن و نایانەوێت بەهۆی راگرتنی ئەوبڕیارەوە کارەسات رووبدات، یان بەوە پاساوی بکەن, گوایە بڕیارەکە مەرکەزییە، چونکە ئەوە لەکاتێکدا کە زۆر بریاری دیکەی مەرکەزی هەیەو ئەوان جێبەجێی ناکەن.

دیارە بڕیاری زیادکردنی نرخی سوتەمەنییەکان بەپێی رێککەوتنێکی نێوان صندوقی دراوی نێودەوڵەتی و حکومەتی عێراقە کە پارێزگاری سلێمانی یەکێك لەبەرپرسەکانی ئەو حکومەتەیەو بەئاشکراش لەقسەکانیدا بەرگری لەو بریارە دەکات کەهێرشێکی ئاشکراو بێڕەحمانەی سەرمایەیە بۆسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق. حکومەتی سەرمایەداری عێراق لە جیاتی ئەوەی داهاتی زۆروزەوەندی نەوت بۆ باشکردنی ژیانی خەڵك خەرجکات، دەیەوێت لەسەر حسابی گیرفانی خەڵك قەرزەکانی بداتەوە، لەکاتێکدا هیچکام لەو قەرزانەش بۆ ژیانی خەڵك نەکراون و هیچ بریارو بەرنامەیەکی واش لەگۆڕێ نییە کەداهاتی عێراق لەداهاتوودا بۆ خەڵك خەرجبکرێت و هێشتا لەلایەن حزبەکان و ئەمریکاوە تالان و برۆ دەکرێت.

بەهەرحاڵ باسکردن لە هەموو ئەو لایەنانە، هەویرێکە ئاوی زۆری دەوێت، بۆیە لێرەدا تەنها سەرنج دەخەمە سەر یەکێك لە لایەنەکانی ئەو چاوپێکەوتنە کەسەبارەت بە هەوڵی رێپێوانی خەڵکی سلێمانی و رێگرییەکانی ئاسایشە.

لەوەڵامی پرسیارێکدا جەنابی پارێزگار دەلێت: "کەس نەهاتووە لەپارێزگا مۆڵەت وەرگرێت بۆ رێپێوان... هەرکەسێك دەیەوێت رێپێوان بکات یان مانبگرێت دەبێت مۆڵەتی یاسایی لە پارێزگا وەرگرێت"

باسەرەتا ئەوە بڵێین تەنها لەدیموکراسیەتی ئەواندا ئەوە هەیە بۆ رێپێوان و مانگرتن مۆڵەت وەربگیرێت، دیارە ئەویش بۆ ئەوەیە ئەو مانگرتن و رێپێوانانەی کە لەرووی سیاسیەوە بەدڵی ئەوان نییە رێگەی لێبگرن و نەبوونی مۆڵەتی یاسایی بکەن بەبیانوو بۆ سەرکوتکردنی، ئەوە لەکاتێکدا کەئەوان بەستانداردی دواکەوتووترین وڵاتانی دیموکراتیش ناتوانن دامودەزگای سەربەخۆی حکومی و سەرووحزبی بن و تەواوی بڕیارەکانیان بە سیاسەت و فەرمانی سەرکردایەتی حزبەوە بەستراوە بەوهۆیەشەوە ناتوانن هەموو خەڵك و هەموولایەنەکان بەیەکچاو تەماشابکەن. دووهەم ئەوە ئێمەنین کەراستناکەین، بەڵکو ئەوە خۆیانن کەنایانەوێت راستی بڵێن، بابزانین چۆن:

ئێمە وەك دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵکی سلێمانی، چەند رۆژێك بەرلە کاتی دیاریکراوی رێپێوانە کە کاتژمێر ٢ی پاشنیوەرۆی رێکەوتی ٢١/١٢/٢٠٠٥ بوو، بەنامەیەکی رەسمی داوامان لەئاسایشی سلێمانی کرد کە پاراستنی ئەمنیەتی رێپێوانەکە بگرنە ئەستۆو بەڵێنی ئەوکارەشیان پێداین، بەڵام رۆژێك پێش رێپێوانەکە بەدرەنگەوە ئاگاردارکراینەوە کە گوایە مۆڵەتی فەرمیمان وەرنەگرتووەوبۆ ئەوکارەش چووینە پاریزگا، بەڵام هەڵگری داواکەیان ناردبوو بۆ وەزارەتی ناوخۆو لەوێشەوە جارێکی تر بۆ پارێزگا رەوانەکرابووەوەو بەم جۆرە دەستی دەستێیان پێکردبوو تاکات بەدەستەوە نەما، دواییش کردیان بە بیانوو بۆ رێگرتن لە رێپێوانەکەمان و ئاساییشیان بەردایەگیانمان و هەوڵیاندا چەند کەسێکمان لێبگرن. هاوکات لەگەڵ سەرقاڵی ئەوان بە هەوڵی دەسگیرکردنی هاوڕێیانەوە، من قسەم بۆ ئامادەبووانکردو سەرەڕای رۆشنکردنەوەی سەرچاوەی بڕیاری زیادکردنی نرخی سوتەمەنییەکان، رەخنەشم لەهەڵوێستی حکومەتی هەرێم گرت کەدەبووایە پشتیوانی خەڵك بن بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە، بەڵام بەپێچەوانەی بەڵێنەکانیان لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا، بەرلەوەی مۆری پەنجەی خەڵك ووشکبێتەوە کاریان کرد، وەدیسان رەخنەمان لە ئاساییش گرت کە بەبیانووی وەرنەگرتنی مۆڵەتەوە رێیان لە رێپێوانەکەمانگرت و هەر لەگەڵ کردنەوەی لافیتەکان پەلاماریانداین. ئێمە بۆ بڕینی ئەو بیانووە بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەمان راگەیاند کە لەچەند رۆژی داهاتوودا مۆڵەت وەردەگرین و کاتی رێپێوان دیاریدەکەین و ئاگادارتان دەکەینەوە، بەم جۆرە کۆبوونەوەکە لەناو چەپڵەرێزانی ئامادەبوواندا کۆتایی هات, کە زیاتر لە ١٠٠٠کەس دەبووین. بەڵام دوای ئەوەش چەند هەوڵماندا مۆڵەتیان نەدراینێ.

پارێزگاری سلێمانی دەلێت : نەهاتوون بۆلای من، گوایە دەرگای ئاوەڵایە بۆهەرکەس کەبچێت، بەڵام راستیەکەی زۆر ئاوالا نییە, بەتایبەتی بۆ خەڵك و نوێنەرانی خەڵك، ئێمە وەك دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵکی سلێمانی دوای کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی پارکی ئازادی ٤جار چووینەتە پارێزگا کە سیانیا بە پێی موعیدی جێگری پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا بووە، بەڵام هیچجارێکیان پاریزگار خۆی ئامادە نەبووەو من خۆیشم بۆ ئازادکردنی سلام تۆفیق کە لەسەر بڵاوکردنەوەی بانگەوازێکی کۆنگرەی هەڵوێست دژ بەدەستوور ١١ رۆژ لەئاسایشی سلێمانی زیندانیکرا، ٣جار چوومە پارێزگا نەمتوانی نە پارێزگارو نەجێگرەکەی و نەیەك ئەندامی ئەنجومەن ببینم، ئەوە لەکاتێکدا کە مۆڵەتی یاساییشمان بۆ ئەو کۆنگرەیە لەپارێزگا وەرگرتبوو. کەوایە ئێمە کە نەگەیشتووینەتە لای پارێزگار بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ رێپێوانەکەمان، ئەوە دەبێت خۆی وەڵامی بداتەوە کە بۆچی خەڵکی لەبابەتی ئێمەمانان ناگەینەلای ، یان وەك خۆی دەیەوێت ئیدعابکات تەنانەت هەواڵەکەشی پێناوترێت.

ئەگەرچی بەبێئەوەی خۆی بیەوێت لەقسەکانیدا بەئاشکرا دەردەکەوێت کە ئاگای لە هاتن و چوونەکانی ئێمە هەیە، بۆیە دەڵێت"نەهاتوونەتە لای من". واتە چووینەتە پارێزگاو شوێنەکانی تر.

ئەو دەڵێت " ئەوانە راستناکەن... ئەمانە وایانکردووە قیمەت بۆ خۆپیشاندان نەمێنێ... بەڵام دێت هەموو رۆژێك خۆپیشاندان، خۆپیشاندان ... خۆپیشاندانەکانی کەلار، کفری، سلێمانی، رانیە خۆی لەکۆمەڵێك کەسدا دەبینێتەوەو...." ئەو دەربڕینانە مانای ئەوەیە کەرێکخەرانی ئەو رێپێوانانە بۆ جەنابیان ناسراون و ئەمەش بەڵگەی دووشتە: یەکەمیان مانای وایە لێکەومان لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت هەیەو هەرچەندە بەنزمترین ستانداردی دیموکراتیەت دەبووایە خۆپیشاندان و کۆبوونەوە مۆڵەتی نەوێت، بەڵام هەوڵی جدیشمان بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت داوە. لە بەر ئەوەی ئێمە پاشکۆی حزبی دەسەڵاتدار نین و لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەودا دەستمان بۆ ئەو کارانە نەبردووە کە کارەکەمان نایاساییە.

ئەو دەڵێت "ئەوانە وایانکردووە قیمەت بۆ خۆپیشاندان نەمێنێ، خۆپیشاندان وەختێك بەقیمەت دەبێت کە بزانی بەرنامەکەی چییە، کەی دەیکەیت و داواکارییەکانت چییە" لێرەدا مەبەستەکەی زیاتر رۆشندەبێتەوە، ئەو نیگەرانە لەوەی ئێمە بەگوێی ئەوان ناکەین و زەمان و مەکانی بەدڵی ئەوان و بابەتی دڵخوازی ئەوان هەڵنابژێرین, بۆ رێپێوانەکانمان و لەبەرامبەر بێمافیەکانی خەڵکدا نامانەوێت بێدەنگ بین و خۆمان بە بەرپرس دەزانین، بۆیە بە ئاسانی رێگامان نادەن. ئەمە جیاوازییەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی سیاسی چینایەتیە. خەڵك لەخراپترین باردا دەژی و ئەوەی لەماوەی ١٥ ساڵی دەسەڵاتی ئەواندا بەدەستی هێناوە، بەڕادەی کاری ٢ ساڵی حکومەتێکی باش نییە، هەموو دەسکەوتی خەڵك ئەوەیە کە لەبەر کاربەدەستان وحزبە دەسەڵاتبەدەستەکان دەمێنێتەوەو ئیتر قابیلی خواردن نییە، واسیتەو حزب حزبێنەو خزم خزمێنە چارەی حکومەت و چارەنووسی خەڵکیان بەیەکەوە رەشکردووە، بارودۆخەکە بە جۆرێکە کە دەسەڵاتداران خۆیان باسی گەندەڵی و لێنەوەشاوەیی خۆیان دەکەن و هەرتەنها گوێگرتن لە بەرنامەکەی (بەرزان قادر) لەرادیۆی (خاك)ەوە بەسە بۆ ئەوەی تەنانەت چاودێرێکی دەرەکیش لەوە حاڵیبێت کە ئەم وڵاتەی ژێرسایەی ئەوان چەندە غەدرو بێمافی و نایەکسانی و مشەخۆری تێدایە، ئێمە ئەگەر بێین لەگەڵ دەسەڵات شین بگێرین و لەگەڵ ئەویش پێبکەنین، واتە ئەوەی ئەوان پێیانباشە رێپێوانی بۆبکەین و ئەوەی ئەوان پێیانخۆشە چەپڵەی بۆ بکوتین، ئیتر ئێمە چ جیاوازییەکمان لەگەڵ حزبە نانخۆرەکان دەمێنێ کە هەر لەبناغەوە بۆ ئەوکارە دروستبوون؟

ئێمە جیاوازییەکی جەوهەریمان هەیە لەگەڵ ئەو حزبانەو شانازیش بەو جیاوازییەی خۆمانەوە دەکەین، وەك جەنابی پارێزگار دەڵێت رەنگە ئێستا خەڵکی زۆر لەگەڵمان نەبێت بۆسەر شەقامەکان، بەڵام هەمیشە ئێمە لەگەڵ خەڵك بووین و ئەوانیش دڵیان لەگەڵمان بووە، بەپێچەوانەی ئەو حزبانەی کە لەتەواوی ململانێکانی نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا ئەوان سێبەری دەسەڵاتبوون و بۆیەکجاریش لەگەڵ خەڵکدا نەبوون. لەراستیدا ئێمە بەشێکی جیانەکراوە لەو خەڵکەین کەرۆژانە زوڵممان لێدەکرێت، راستە ئێمە کۆمۆنیستەکانین وبەشەبە حاڵیخۆم کادری یەکێتی کۆمۆنیستەکان وهاوکات ئەندامی دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی سلێمانیش بووم و لەگەڵ دەستەی شارو شارۆچکەکانی تریش لێکەوتوو بووەوهەیە، ئەوە هاوچارەنووسی من و ئەو خەڵکەیە کە ناچاری کردووین خەباتبین، پرسیارەکە ئەوەیە کەبۆچی فلانی یەکێتی و فیساری پارتی و عەمری سۆسیالست و زەیدی زەحمەتکێشان ئەو کارە ناکەن؟ ئایا خەڵك پێویستی بەئاوو کارەبا نییە؟ خەڵك مافی ئەوەی نییە لەو هەموو تالانی و گەندەڵییە بپرسێتەوە کە دەسەڵاتداران دەیکەن؟ خەڵك مافی ئەوەی نییە بڵێ ئێمە لەسەر دەریای نەوتین و نامانەوێت لەبەر سەرما هەڵلەرزین و رۆژانە چەند سەعات سەرەی بەنزین و گازبگرین؟ لاوان مافی ئەوەیان نییە بڵێن ئێمەش هەین و دەبێت لە بەرێوەبردن و بنیاتنانی ئەم کۆمەڵگایەدا جێمان بکرێتەوەو لەدەسکەوتەکانیشی بەهرەمەند بین؟ ژنان مافی ئەوەیان نییە کە بڵێن ئیتر نامانەوێت بە نەریت و رێسای سەدەکانی ناوەراست مامەڵەبکرێین و پێویستە وەك مرۆڤی هاوچەرخ و بەشێوەی یەکسان لەگەڵ پیاوان بژین؟ ئەگەر ئەو مافانە رەوان ئێمە بۆ بەدیهێنانی ئەو مافانەو بۆ نەهێشتنی رێگرییەکانی بەردەمیان خەبات و رێپێواندەکەین، بەڵام ئەوە ئێمە نین کەهەموو رۆژێك رێپێوان دەکەین، بەڵکو ئەوە بێمافیەکانی خەڵك و بێبەڵێنی دەسەڵاتدارانە کە رۆژانە زیاددەکەن و تەنگیان بەئێمەو بەخەڵك هەڵچنیوەو بەشی ئەوەی تێدا نەماوەتەوە چاوەڕێ بکەین، وە ئەوە رێپێوان... رێپێوانی ئێمە نییە کە لەگرنگی رێپێوانەکانی کەمکردۆتەوە، بەڵکو ئەوە ناراستی بەڵێنەکانی دەسەڵاتداران و وەڵامی فریودەرانەیانە کە خەڵکی لە کاری هێمنانە وەڕسکردووەو ئاواتی ریگە چارەی ریشەیی‌تر دەخوازێت بۆ کۆتاییهێنان بە بێمافیەکانی خۆیوبەملۆزمی دەسەڵات.


سەبارەت بە بڕیاری زیادکردنی نرخی سووتەمەنییەکان ئەو دەڵێت" حکومەتی هەرێم لەپێش هەموو خەڵکەوە بەیاننامەی دەرکردووەو ئەنجومەنی پارێزگا رەتی کردۆتەوە" ئەگەر بەراستی ئەوان بەو بریارە رازی نین ئەی بۆچی رێگایان بەرێپێوانی ئێمە نەدا کە دەبووە پشتیوانێکی بەکردەوە بۆ بەیاننامەکەی خۆیان لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا؟! ئەی بۆچی یەکەم رۆژ لەپێش زۆربەی هەرەزۆری شارەکانەوە بڕیارەکەیان جێبەجیکرد؟ لەکاتێکدا ئەمان نەوتی شیواشۆکیان هەیە، ئایا هەموو فرمانەکانی دیکەی ناوەند بەو خێراییە جێبەجێ دەکەن؟ یان ئەوەتا ئەم بڕیارە هەنگوینی ناو کلۆرەدار بوو بۆ خاوەن بەنزینخانەکان کە زۆربەی هی بەرپرسان یان هاوبەشی ئەوانن؟

---

### تەها سلێمان سەرنوسەری مانگنامەی خەڵك:

# ٨٥ کەس لە خێزانەکەم و کەسوکارم لە هێرشەکانی ئەنفالدا بێسەروشوێن بوون

**لەبارەی دادگایی فرانس ڤان ئانراتەوە بۆ هەفتەنامەی رۆژنامە ووتی.**



من ئەو رۆژەی هەواڵی سزادانی تاوانبار (بازرگانی مەرگ)م بیست وەك هۆڵندیەکان ناویانلێناوە, ئەگەر درۆنەکەمولێت نەشارمەوە, بەراستی لەلایەك توشی جۆرێك لە شاگەشکەوخۆشحالی بووم لەلایەکیش قەبارەوقورسایی کۆی ئەو کارەساتانەم هاتنەوە بەرچاو کە هەندێکجار لەبەرانبەریشیدا دەستەپاچەین, بەڵام ئەمجارەیان بەپێچەوانەی هەموو یادکردنەوەکانی تر کەبەهەول وکۆششی کۆمەلەکەسێکی خەمخۆر کۆمەلەخەڵکێکی تێکۆشەر لە میانی ناوەندی هەلەبجەدا بە ئەرکێکی گرنگ ومەزن هەستان لەسەر حسابی خۆیان لەسەر گیرفانی خۆیان لەسەرحسابی مالیان مندالیان, بە ئەرکێکی وامەزن هەستان خۆشییەك بوو پێم تەسەورناکرێت, ئاخر چۆن پێم تەسەور بکرێت تاوانبارێکی وا بگەیەنرێتە بەردەمی دادگاو بەهۆیەوە جینۆسایدکردنی گەلەکەم وئەنفالکردنی نەتەوەکەم بگاتە بەردەمی دادگای نێودەولەتیو تاوانبار سزابدرێ‌وپاکتاوی رەگەزی ئیمەش لە دادگای نێو دەولەتیدا بەرەسمی بناسرێت؟

ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە ئەمە خۆی لەخۆیدا دەبێتە دەروازەیەکی فراوانتر دەرگایەکی گەورەتر بۆئێمە وەدادگایی کردنی کۆی ئەو تاوانبارانەی چ لەناوخۆی عێراق وچ لەدەرەوەی عێراق وچ لەسەر ئاستی ئقلیمی کە شەریکەبەشن لەو تاوانانەدا کە رژێمێکی خوێن رێژوتۆتالیتاری بەعس بەسەرئێمەی داهێناوە

من بۆخۆم چ وەك کەسێك کە تاوانەکانم بەچاوی خۆم بینیوە چ وەك کەسێك کە خێزانەکەم بەشێکی هەرەزۆری بەر شالاوی نەگریسی ئەنفال کەوتوون وتێداچوون, زیاد لەپێویست دلخۆش بووم بەو مەسەلەیە, تەئکید دەکەمەوە ئیشی ئەورێکخراوەی کەناوی ناوەندی هەلەبجەیەکە ئەم ئەرکەیان گەیاندە ئەنجام یارمەتی بدرێن دەستگیرۆیی بکرێن , بۆئەوەی بتوانن ئیشەکەیان لەوە فراوانتربکەینەوەو بتوانین ناوەندی هەلەبجە لەوە فراوانتربکەینەوە کە وەك رێکخراوێك ببێتە زمانحالی رەسمی بۆ جولاندن وبزواندنی ئەو دۆزەو ئەوقەرەبووکردنەوەی زیانەکانی کورد لەلایەن کۆمپانیاکانەوە.

---

## دابەشبوونی کوتلەکان کێشەی گەورەی لێدەبێتەوە

# بۆ ماوەی چەند مانگێکی تر حکومەتی نوێی عێراق پێك نایەت

**کاروان عزیز**

لەگەڵ دەرچوونی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق، هێشتا ئەگەرەکانی پێکنەهاتنی حکومەت لەئارادایە.

پێدەچێت هەموو لیستەکانە نەگەنە رێکەوتنێك، لەبەرئەوە واچاوەڕوان دەکرێت حکومەتەکەی جەعفەری بۆ ماوەیەکی تر لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەویش بۆ روونەدانی بۆشایی دەسەڵات لەعێرقدا، ئەم مەسەلەیەش پاش ئەوە هات کەهەموو لیستەکان نەیانتوانی بگەنە رێکەوتنێك لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی حکومەتی هەمیشەیی کەبۆ ماوەی چوار ساڵ دەسەڵات دەگرێتە دەست.

وادەردەکەوێت کەهەردوو لیستی ئیئتلاف و لیتی هاوپەیمانی بەس نەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەت و دیاریکردنی سەرۆك کۆمار، کەدەکرێت کوتلە سیاسەیەکانی تریش لەم کارەدا پشکیان بەربکەوێت و لەم پرۆسەیەدا بەشداری بکەن.

هەروەها لیستی ئیئلاف لەلێدوانەکانیاندا ئاماژە بەوە دەدەن کەپشکی زۆرتر بەکوردەکان نادەن، لەوەی زیاتر هەیانە، ئەمەش وەك سەرنج راکێشانی هێزە سونییەکان بەلای خۆیاندا، ئەمەش بۆ ئەوەی چیدی فرسەت بەکوردەکان نەدرێت لەوەندە زیاتر داواکارییان نەبێت.

ئەمەجگە لەوەی هەندێك کیانی سیاسی تر کەهەست دەکەن لەدەرئەنجامی ساختەی هەڵبژاردنەوە نەیانتوانییەوە دەنگی زیاتر بەدەست بهێنن، لەوە دەترسن لیتلا ئیئتلاف بەیەکگرتن لەگەڵ کۆمەڵێك لیستی بچوکدا حکومەتێکی ناکارا پێك بهێنن، ئەمەش ببێتە هۆکارێکی تری قوڵکردنەوەی قەیرانی دەسەڵات لەعێراق، هەروەها لەلایەکی ترەوە عەدنان دلیمی سەرۆکی بەری تەوافقی عێراقی رایگەیاند لەگەڵ ئەوەی زوڵمێکی زۆریان لێکراوە لەهەڵبژاردندا، بەڵام هەر لەمەسەلەی بەشداری سیاسیدا بەردەوام دەبن.

جەواد مالکی دووەم کەسی حزبی دەعوەی ئیسلامی، بەسەرکردایەتی جەعفەری داوای نو کورسی زیادەی کرد، بۆ ئەوەی بگانە زۆرینەی سادەو پێویست بەدروستکردنی هیچ هاوپەیملنیەتیەك نەکات بۆ دروستکردنی حکومەت.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com